# کاریگەری سراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لای خوێنکارانی قۆناغی یازدەیەمی وێژەیی

## توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە نامەی ماستەر

پ.ی.د.کارزان محمد عارف

Karzan.arif@univsul.edu.iq

زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

سارا واحد عمر كريم

Sara.16001215@univsul.edu.iq

زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی- بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٧/١٠

بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/٢٩

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کارایی ستراتیژی نوێی پێشنیازکراوە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لای خوێنکارانی قۆناغی یازدەهەمی وێژەیی ، بەراورد بە ڕێگای ئاسایی وانەوتنەوە لە هەمان بابەت ، بە پێی ئەم گریمانانەی لای خوارەوە :

١- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠.٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی لێک نزیککراوەیی لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو دەخوێنن.

٢- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠.٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی لێک نزیککراوەیی لای خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە وانەکان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن.

٣- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (جیاوازی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی) لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی لێک نزیککراوەیی لە نێوان گروپی ئەزموونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکراو کە وانەکان بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن.

توێژەر پشتی بەستوە بە میتۆدی ئەزمونی بە پێی سروشتی بابەتەکە و ئامانجەکان و هەنگاوەکانی بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکە ، هەروەها دیزاینی ئەزمونیەکە بریتیە لە کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیەوە ، کە یەکێکە لە دیزاینی توێژینەوە ئەزمونێکە و کۆنترۆڵی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەکات .

کۆمەڵەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە خوێندکارانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە ئامادەیەکانی شاری سلێمانی سەە بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەیی ڕۆژئاوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە خوێندنگای ئامادەیی ( بەکرەجۆی کچان ) بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردران کە ژمارەی خوێنکارەکانی قۆناغی یازدەهەمی وێژەیی (٢٦) خوێندکار بوون دابەشکران بەسەر دوو پۆلدا ، پاش هاوتاکردنیان لە گۆڕاوەکانی ( تەمەن ،شارەزایی پێشوو ، زیرەکی ، دەسکەوتی پێشوویان لە بابەتی مێژوو ، دواتر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی (٢) گروپ دەستنیشانکرا ، کە لە گروپێکی ئەزمونی پشت بەست بە بیرکردنەوەی نزیککراوەیی و گروپێکی کۆنترۆڵکراو پشت بەست بە ڕێگای ئاسایی لە وانەوتنەوە پێکهاتبوون ، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی کە پێکهاتبوو لە (٣٠) بڕگە بە شێوەی هەڵبژاردن ، پاشان ڕاستی ڕواڵەتی لە ڕێگای شارەزایان دۆزیەوە بە ڕێژەی (٩٢٪) هەروەها توێژەر هەستا بەدەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە لەسەر گروپێکی تر لە خوێنکاران کە لە هەمان قۆناغن و پێکهاتوون لە (٥٠) خوێنکار بوون لە دوو کاتی جیاوازدا دۆزرایەوە و بەهای جێگیری کەمتر نەبوو لە (٠.٨٤).

ئەو ئامرازە ئاماریانەی کە لە توێژینەوەکە بەکارهێنرا ، تاقیکردنەوەی (ت) ( t.Test) و هاوکێشەی پەیوەندی (پێرسۆن ) بوو . توێژەر گەشتە ئەو ئامانجەی کە جیاوازی ئاماری بەڵگەداری لە نێوان هەریەک لەگروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو ، هەیە لە بەرژەوەندی گروپە ئەزمونیەکە بوو لە گەشەی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی .

**کلیلی وشە :کاریگەری ،ستراتیژی نوێی پێشنیازکراو ، بیرکردنەوەی نزیککراوەیی ، مێژوو ، خوێنکارانی قۆناغی یازدەیەمی وێژەیی**

## بەشی یەکەم ( ناساندنی توێژینەوەکە )

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە :

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ، بیرکردنەوە یەکێک بووە لەو بابەتە گرنگانەی کە بۆتە جێگای بایەخی پەروەردەکاران و لێکۆڵەران ، هەر بۆیە بایەخێکی زۆریان بە جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە داوە و لە هەوڵی گەشەپێدانی بەردەوام بوون ، بیرکردنەوە و ئەو پرۆسەییە کە عەقڵ و ئەزموونەکانی خوێنکار بەشێوەیەکی نوێ ڕێکدەخات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ، ئەم بابەتە هەر لە کۆنەوە سەرنجی فەیلەسوف و پەروەردەکاران و زانایانی بەلای خۆیدا کێشکردووە و تیۆریزەکەران بوارە جیاوازەکانیاندا زۆر ماندوو بوون بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە بۆ ئەوەی لە نهێنییەکانی تێبگەن بە مەبەستی پەرەپێدانی ستراتیژ و میتۆدی گونجاو، کە یارمەتیدەریان بێت بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی تێگەشتنی خوێندکاران تا بتوانن لە بوارە جیاوازەکان بەکاری بهێنن . (أبو جادو،٢٠٠٠: ٢٥)

لە ڕوانگەی گرنگی کارامەیەکانی بیرکردنەوە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لێکۆڵەران و زانایانی بواری پەروەردە بە ئامانجێک ڕێگا و شێوازەکانی وانەوتنەوەی زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندنیان داناوە ، بە ئامانجی پێگەیاندنی خوێندکاران بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێداویستەکانیان لە داهاتوودا. ( مصطفى ،٢٠٠٢: ٥)

بیرکردنەوە بە یەکێک لە پێداویستیە سەرەتایەکانی فێرکردن دادەنرێت ، هەر ئەم گرنگیەش هۆکاربوە بۆ بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە بە تایبەت بیرکردنەوەی نزیککراوەیی ؛ کە جۆرێکە لە بیرکردنەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر گەیشتن بە وەڵامێکی نمونەیی و گونجاو بۆ کێشەیەک . ( الغريري ،٢٠٠٧: ٢٠).

لەم سوانگەیەوە زۆربەی لێکۆلەران جەختیان لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە لای خوێنکاران کردوە لەوانە : لێکۆڵینەوەی ( Al-Azzawi:2023, Salahadin ) ، (Ahmad:2023,Tkryt ) ، ( قاضی : ٢٠٢٣، سلێمانی) ، ( عارف : ٢٠٢٣، سلێمانی ) ، ( البوارليز : ٢٠٠٤، عمان ) ،( متولي : ٢٠١٦، میصر ) ( هذال : ٢٠٢٣، میصر) توێژەر دوای کنەو پشکنین بە سەرچاوە و توێژینەوەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی ستراتیجی پێشنیازکراو هیچ توێژینەوەیەکی بەرچاو نەکەوت لەسەر ئەم بابەت و ئەم قۆناغە دا

بێت بە پێی زانیاریەکانی بۆیە بە پشت بەستن بەوانەی کە کە پێشتر باسکرا ، هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە وای لە توێژەر کردووە کار لەسەر ئەم کێشەیە بکات و لە شێوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بیخاتەڕوو :

١ - ئایا بەکارهێنانی ستراتیژێکی نوێی پێشنیارکراو کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە بابەتی مێژوو لای خوێندنکارانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی هەیە؟

٢- ئایا بەکارهێنانی ستراتیژێکی نوێی پێشنیارکراو کاریگەری لەسەر دەستکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو لای خوێندنکارانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی هەیە؟

٣- ئایا بەکارهێنانی ستراتیژێکی نوێی پێشنیارکراو کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە بابەتی مێژوو لای خوێندنکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی هەیە؟

**١-٢ :گرنگی توێژینەوەکە**

- سودی هەیە بۆ کۆلیجە پەروەردەییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت ئەو کۆلیجانەی پسپۆڕی مێژوویان تێدایە.
- مامۆستایانی بابەتی مێژوو بەشێوەیەکی گشتی کە لە خوێندنگە دواناوەندییەکان وانە دەڵێنەوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە.
- سودبەخشە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چونکە زانیاری پێویست دەخاتە بەردەست لەسەر کارایی ستراتیژە نوێیەکانی فێربوون و فێرکردن، تاوەکو پلان و نەخشەی ستراتیژی نوێ دابڕێژنەوە لە پرسی وانەوتنەوە و فێرکردندا.
- سودی هەیە بۆ توێژەرانی دواتر ، لەڕێگەی سود وەرگرتن لە هەنگاو و ڕێکارەکانی توێژیەوەکە وەک یارمەتیدەرێک بۆ بە ئاکام گەیاندنی توێژینەوەکانیان.

**١-٣ : ئامانجی توێژینەوەکە :**

- زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لای خوێندکارانی پۆلی یازدەی وێژەیی لە بابەتی مێژوو بەراورد بە ڕێگا ئاسای هەمان بابەت.
- دەستنیشانکردنی قەبارەی کاریگەری ستراتیژی نوێی پێشنیازکراو لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لای خوێندکارانی پۆلی یازدەی وێژەیی لە بابەتی مێژوو بەراورد بە ڕێگا ئاسای هەمان بابەت.

**١-٤ :گریمانەکانی توێژینەوەکە :**

**لەژێر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەوڵیداوە ئەم گریمانانەی خوارەوە پشتڕاست بکاتەوە:-**

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠.٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی لێک نزیککراوەیی لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو دەخوێنن.
- جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠.٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی لێک نزیککراوەیی لای خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە وانەکان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن.

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (جیاوازی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی) لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی لێک نزیککراوەیی لە نێوان گروپی ئەزموونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکراو کە وانەکان بەرێگای ئاسایی دەخوێنن.

**١ـ٥ : سنوری توێژینەوەکە :**

**سنوری ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە**

سنوری بابەتی: بەکارهێنانی ستراتیژی پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە بەشەکانی (چوار و پێنج) لە ناوەرۆکی کتێبی مێژووی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی. لە پەرتووکی مێژوو چاپی (2)، کە بریاری لەسەر دراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان / عێراق.

سنوری مرۆیی : خوێندکارانی قۆناغی یازدەهەمی وێژەیی لە خوێندنگای (بەکرەجۆی کچان).

سنوری کاتی : وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤-٢٠٢٥) زاینی.

سنوری شوێنی : خوێندنگەی بەکرەجۆی کچان – پەروەردەی ڕۆژئاوا- پارێزگای سلێمانی.

سنوری ستراتیژ : ستراتیژی پێشنیازکراو بە بەکارهێنانی ڕێگای بیرکردنەوەی نزیککراوەیی

**١ـ٦ پێناسەی چەمک و زاراوەکان**

**کاریگەری**

**(شحاتة و النجار ٢٠٠٣)** بریتیە لە پیشاندانی ڕادەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لە سەر گۆڕاوێکی پاشکۆ یان چەند گۆڕاوێک .( شحاتة و النجار ، ٢٠٠٣: ٢٣٠)

- **پێناسەی ڕێکاری توێژەران :** بڕی چاوڕوانکراوە لە بەکارهێنانی ستراتیژی نوێی پێشنیازکراو ( گۆڕاوی سەربەخۆ) لەسەر هەردوو گۆڕاوی پاشکۆ دەسکەوتی خوێندن و بیرکردنەوەی نزیککراوەیی .
- **پێناسەی تیۆری :** جۆرێکە لە کردار کە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر ڕوودەدات کە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە
- **ستراتیژ:**
- **(المعایطة، ٢٠٠٧)** دەڵێت: بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ئەو هەوڵەیە دەدرێت بۆ هەڵبژاردنی چەندین ڕێگا و شێواز بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان. (المعایطة، ٢٠٠٧: ٦٣)
- **پێناسەی ڕێکاری:** بریتیە لە جێبەجێکردنی ستراتیژێکی پێشنیازکراو پشت بەست بە تیۆری بونیادگەری، کە توێژەر جێبجێی دەکات لەناو پۆل بۆ گروپێکی ئەزموونی لە بابەتی مێژووی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییەکانی وانەکە.
- **پێناسەی تیۆری :** هەموو ئەو ڕێگا و هەنگاوانە کە مامۆستا لە کاتی وتنەوەی بابەتێکدا بەکاری دەهێنێت.

**ستراتیژی پێشنیازکراو :**

- **(بلیل ، ٢٠٢١)** دەڵێت: پێناسەی دەکات وەک: هەنگاوێکی نوێی بۆ نوسینی سەرنجێکی کاریگەر و جیاواز لە بابەتێکی گونجاو دیاریکراو. ( بلیل، ٢٠٢١: ١٨٦)
- **پێناسەی ڕێکاری :** پلانێکی نوێی داڕێژراوە پشت بەست بە هەنگاوەکانی چەند ستراتیژێکی نوێی فێرکردنی چالاک بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی نزیککراوە لای خوێندکارانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی.

- **پێناسەی تیۆری :** پلانێک بۆ نوسینی پێشنیارێکی نوێ و سەرکەوتوو و جیاواز، کە ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو.

**بیرکردنەوەی نزیککراوە:**

- (Arther,2006) دەڵێت: جۆرێکە لە بیرکردنەوە کە جەخت دەکاتە وە لەسەر گەیشتن بە وەڵامێکی گونجاو و کاریگەر بۆ کێشەیەک.( Arther,2006: 18)
- **پێناسەی ڕێکاری:** جۆرێکە لە بیرکردنەوە، کە بەپێی پلانێکی ڕێکخراو و یاسایەکی پێشوەختە ئامادەکراو بەردەوام دەبێت ئەم جۆرە بیرکردنەوە یەک وەڵامی دروست بۆ یەک پرسیار لەخۆدەگرێت.
- **پێناسەی تیۆری :** جۆرێکی نوێی بیرکردنەوەیە مەبەستی سەرەکی هەوڵدان و گەڕانە بە دوای وڵام و چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەیەک ، کە خودی ئەو کێشەیە هۆکار بووە بۆ کەمکردنەوەی دەسکەوتی خوێندن.

**مێژوو :**

- **(کار،٢٠٠٥)** لە پێناسەی مێژوودا دەڵێت: بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە ڕابردوو تێگەشتنە لە ئێستا و پلاندانانە بۆ داهاتوو. (کار،٢٠٠٥: ٧)
- **پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە پەرتووکی مێژووی بڕیار لێدراو لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ پۆلی یازدەیەمی وێژەیی.
- **پێناسەی تیۆری :** هەموو ئەو شتانەیە کە لە دروستبوونی ئافراندنەوە تا سەردەمی ئێستا وتراوە یان کراوە.

**بەشی دووەم ( پاشخانی تیۆری و لێکۆکینەوەکانی پێشوو )**

**٢-١: ستراتیژی وانەوتنەوە:**

کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن چەند گرنگبن کاریگەری ئەوتۆیان نابێت ئەگەر بە وانەوتنەوەیەکی کاریگەر ستراتیجی نوێ و نەوترێنەوە ، وانەوتنەوە بەوشێوە تەقلیدییەی کە خستنەڕووی لاپەڕەکان بێت و دەقاودەق خوێندنەوەی دەقەکانی ناو کتێبەکە بێت یان ئامانج تیایدا گەیاندنی کتێبەکە بێت نەک فێربوونی خوێندکارەکان، بێجگە لە ماندوبوونێکی بەهەدەرچوو زیاتر نییە و پەیامی فێربوونی دروست ناگەیەنێتە خوێندکار، بۆیە گرنگە لە وانەوتنەوەیەکی سەرکەوتوودا ستراتیژی وانەوتنەوە و بنەما سەرەکیەکانی فێربوونی کاریگەر ڕەچاو بکرێت.( Ishik , Guchum , 2013,8)

مەبەست لە ستراتیژی وانەوتنەوە بەڕێوەبردنی چالاکی پۆلە بە کارامەیی و شارەزایی ، واتا ئاگایی مامۆستا لە شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل و کاریگەر لەگەڵ تەمەن و ئاستی خوێندکاران و دۆخی نێو پۆلدا و لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی و حەزوخولیای خوێندکار و کارکردنی لەخزمەتی داهێنان و گەشەپێدانی وانەوتنەوەکەیدا لە پۆل، هونەری پرسیارکردن و سەرنجڕاکێشانی خوێندکاران بەشێوازێکی پۆزەتیف بێگومان لە خزمەتی ستراتیژی گشتیی وانەوتنەوەدا دەبێت ، چونکە بەشێکی بنەڕەتی دەستەبەرکردنی ستراتیژیەتێکی سەرکەوتوو بۆ وانەوتنەوە کارلێک و کاردانەوەی پۆزەتیڤی خوێندکارانە بۆ وانەکە (جامل، ٢٠٠٠، ٢٩)

**٢-٢ : وانەوتنەوە بەم ستراتیژیە بە پێی ئەم هەنگاوانە ئەنجام دەدرێت :**

١-دابەشکردنی خوێنکاران بۆ گروپی (٢-٤) کەسی ، دواتر ناولێنانی گروپەکان .

٢- بە پێی ئاست و لێهاتووی خوێنکار و لە هەر بابەتیکدا خوێنکارێک دەکرێت بە سەرکردەی گروپەکە .

٣- دیاریکردن و هەڵبژاردنی بابەتێک لە بابەتەکانی کتێبی خوێندن و دابەشکردنی بەسەر گروپەکان لە شێوەی پرسیارەکانی تایبەت بە بیرکردنەوەیی نزیککراوەیی .

٤- دوای خستنەڕووی پرسیارەکان چەن جارێک لە لایەن مامۆستای بابەتەوە پرسیارەکان دەخوێنرێتەوە و داوا لە خوێنکارەکان دەکات لە ماوەی (٥ خولەک ) زۆرترین بیرۆکە بخەنەڕوو تاوەکو بیرۆکەی باشتر و گونجاوتر بەدەستبهێنرێت .

٥- دواتر مامۆستا ئەنجام و بیرۆکە گونجاوەکانی سەرجەم گروپەکان بەراورد دەکات تاوەکو بتوانێت باشترین بیرۆکە بۆ چارەسەری کێشەکە بخاتەڕوو .

٦- دوای دەستیشانکردنی باشترین گروپ بۆ باشترین بیرۆکە خوێنکارانی ئەو گروپە پاداشت دەکرێن ، تاوەکو بە بەردەوامی بتوانن باشترین بیرۆکە لە ماوەیەکی کەمدا بخەنەڕوو .

**٢-٣ : بیرکردنەوەیی نزیککراوەیی**

زانایان و پەروەردەکاران ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر پێناسەکردنی چەمکی بیرکردنەوە ، هەندێکیان پێیان وایە کە بیرکردنەوە بریتییە لە زنجیرە چالاکییەکی دەروونی کە مێشك ئەنجامی دەدات، کۆمەڵێکی تر دەڵێن کە بریتییە لە زنجیرە کردارێکی دەروونی کە لە مێشکدا ڕوودەدات بە مەبەستی بڕیاردان و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەیەك ، ئاستی ئەم چالاکییە دەروونییانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بە پێی ئەو زانیارییانەی کە هەیەتی و ئەو بڕیارەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات ، بۆیە دەتوانین بڵێین چەندین جۆر و ئاستی جیاوازی بیرکردنەوە هەیە ، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە ، هەروەها دەکرێت پەرە بدرێت بە بیرکردنەوە بۆ ئەوەی ببێت بە باشترین و بتوانین چارەسەر بۆ پرسیارە وڵام نەزانراوەکانی بیرکردنەوە ببینینەوە (العامري ،٢٠١٧: ٨)

بیرکردنەوەی نزیککراوەی جۆرێکی باوی بیرکردنەوەیە، کە لە لایەن دەرونناسی بەناوبانگ (جۆی پاول گیلفۆردەوە ) لە ساڵی (1956) داهێنرا، ئەم شێوازەی بیرکردنەوە بۆ هەموو ئاستێک گونجاو نییە، چونکە ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە تەنها بۆ کەسانی ئاست بەرز گونجاوە، چونکە ئەتوانن بیرۆکەی باشتر و گونجاوتر بە شێوازی جیاوازتر بخەنەڕوو، هەروەها لە زۆر بابەتی ژیانی ڕۆژانە و ڕۆتیندا بەکاردەهێنرێت، بە پشتبەستن بە شیکردنەوە و بیرکردنەوە لەم ڕێگا نوێیە، دەتوانین بگەین بە باشترین و گونجاوترین چارەسەر بەبێ ئەوەی بوار بۆ گومان و سەرلێشێوان بەجێبهێڵین. (القیسي، ٢٠١٨: ٢١١)

هەرچەندە بیرکردنەوەی نزیککراوەیی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ داهێنان ناکات وەک ئەوەی لە بیرکردنەوە جیاوازەکانی دیکەدا ڕوودەدەن و بەشێوازێکی لۆژیکی وەردەگرێت ، بەڵام لەوانەیە لە بیرۆکەیەکی داهێنەرانەی نوێوە دەست پێبکات، پێداچوونەوە بکات بە زانیاری و زانیارییە کەڵەکەبووەکانی ترەوە و بە لۆژیک دارشتنەوەی بۆ بکات تا دەگاتە ئاستی خوازراو، کە لەگەڵ توانای خوێندکاردا بگونجێت، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای خوێندکاران لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا هۆکار دەبێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەتایبەتی ئەگەر پرسیارەکان بە شێوازی هەڵبژاردنی جۆراوجۆر بن، لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا هەر یەک لەو پرسیارانە تەنها یەک وەڵامی دروستیان هەیە و خوێندکار دەبێت لەسەر بنەمای زانیاری پێشوەختە لە بابەتەکانی ناو کتێبەکە بتوانێت وڵامی دروست هەڵبژێرێت . (Lundsteen ,2012: 14)

لە بیرکردنەوەی نزیککراوەیدا دەبێت چەند بژاردەیەک هەبێت کە لە وەڵامی ڕاستەوە زۆر نزیک بێت ، بەڵام هەمان بەهایان نەبێت، هەر بۆیە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خوێندکار دەگەیەنێت بەو ئاستەی ، کە بیربکاتەوە تاوەکو بتوانێت بگات بە وڵامی دروست .( Chamorros - Premuzic , 2008: 42)

بیرکردنەوەی نزیککراوەیی پەیوەندی بە شیکردنەوە و بڕیاردانەوە هەیە، پرۆسەی وەرگرتن و جیاکردنەوەی زۆرێک لە بیرۆکەکانە ، هەروەها هۆکارە بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی لایەنە باش و خراپەکان بۆ هەر پرسیارێک تاوەکو دەکات بە ئاستی بڕیاردان ، و هەندێک لەو بیرۆکانە دوور دەخاتەوە کە هۆکار نابن بۆ چارەسەرێکی گونجاو، واتا تەنها بیرکردنەوەی نزیککراوەیی پرۆسەی لابردنی ستراتیژی بیرۆکە زیانبەخشەکانە لەڕێگەی بیرۆکەکانەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، واتا ئەم بیرکردنەوەیە زۆر کاریگەرە لەو حاڵەتانەدا کە وەڵامەکە پێشتر هەبووە و تەنها پێویستی بە بیرهێنانەوە هەیە لە ڕێگەی ستراتیژی نوێی پێشنیازکراوە .(Hollett and Cassalia , 2023: 15)

**2-4 تەوەری دووەم : لێکۆڵینەوەکانی پێشوو.** خشتەی (١-٢) متولي (٢٠١٦)

| 1-ناوی توێژەر و ساڵ و وڵات | متولي،(٢٠١٦ )، میسر. |
|---|---|
| ئامانجی توێژینەوەکە | دەستنیشانکردنی کاریگەری ستراتیژی (P.E.C.S )لەسەر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لای خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لە بابەتی فەلسەفە و دەروونناسی. |
| قۆناغی خوێندن و بابەتی فێرکاری | خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی وێژەی لە بابەتی. |
| قەبارە و جۆری نمونەکە | ٦٢خوێندکاری پۆلی پێنجەمی وێژەیی، بەسەر دوو گروپدا دابەشکراون. |
| گۆڕاوی سەربەخۆ | کاریگەری ستراتیژی پێشنیار کراو P.E.C.S |
| گۆڕاوی شوێنکەوتوو | پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی، بابەتی فەلسەفە و دەروونناسی |
| میتۆدی توێژینەوە | ئەزمونی |
| ئامرازی توێژینەوەکە | - تاقیکردنەوەی ستراتیژە پێشنیازکراوەکان. - تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی. |
| گرنگترین هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراو | T.test , One Way ANCOVA |
| گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە | - هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی گروپی تاقیکاری کە بەپێی ستراتیژی (P.E.C.S) کە بابەتی (فەلسەفە و دەروونناسی) دەخوێنن و تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵ کە هەمان بابەت دەخوێنن بەپێی شێوازی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیککراوەییدا هاوسەنگ نین.<br>- هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو نیە لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی خوێندکارانی گروپی تاقیکاری کە بەپێی ستراتیژی (P.E.C.S ) کە بابەتی (فەلسەفە و دەروونناسی) دەخوێنن، لە تاقیکردنەوەکانی پێش و دوای تاقیکردنەوەکانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیدا |

خشتەی ( ٢-٢) عیسی (٢٠٢٢)

| 1-ناوی توێژەر و ساڵ و وڵات | | عیسی،(٢٠٢٢)، میسر |
| --- | --- | --- |
| ئامانجی توێژینەوەکە | | زانینی کاریگەری ستراتیژییەکی پێشنیارکراوە لەسەر بنەمای ڕێبازی فێربوونی ئەرک بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتنی ڕێزمانی و تواناکانی بەرهەمهێنانی نووسراو لە نێوان فێرخوازانی زمانی عەرەبی غەیرە ڕەسەن |
| قۆناغی خوێندن و بابەتی فێرکاری | | خوێندکارانی ناوەندی لە بابەتی زمانی عەرەبی |
| قەبارە و جۆری نمونەکە | | ١٢خوێندکار بەشێوازی هەرەمەکی هەڵبژێران |
| گۆڕاوی سەربەخۆ | | کاریگەری ستراتیژییەکی پێشنیارکراوە لەسەر بنەمای ڕێبازی فێربوونی ئەرک |
| گۆڕاوی شوێنکەوتوو | أ- | ب- پەرەپێدانی تێگەیشتنی ڕێزمانی. ب - تواناکانی بەرهەمهێنانی نووسراو |
| میتۆدی توێژینەوە | | ئەزمونی |
| ئامرازی توێژینەوەکە | أ- | ب- تاقیکردنەوەی ستراتیژە پێشنیازکراوەکان. ب - تاقیکردنەوەی تێگەشتن لە بابەتی ڕێزمانی |
| گرنگترین هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراو | | t-Test |
| گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە | | أ- بوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی ستراتیژە پێشنیازکراوەکان لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی.<br>ب- بوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی تێگەشتن لە بابەتی ڕێزمانی لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی. |

**بەشی سێیەم ( ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە )** بەشەی توێژینەوە پێک دێت لەو ڕێکارییانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گرتوویەتییە بەر وەک: (میتۆد و دیزاینی ئەزمونێکە و کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوەکە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە و هاوکێشە ئامارییەکان ) بەم شێوەیەی خراوە :

**٣-١: ڕێبازی توێژینەوەکە (Research methodology).** توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە ، لەبەئەوەی ڕێبازێکی گونجاوە بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئەنجامەکان (محمودي،٢٠١٩: ١٠٣)

**٣-٢ : دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە ( Experimental design For research)**

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر دیزاینی دوو گروپی هاوتا بە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی دەستنیشانکردوە بۆ دیزاینی توێژینەوە ئەزمونیکەی .( عبيدات و آخرون،١٩٨٢ : ٢٤٧) وەک لە خشتەی (٣-١) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٣-١)

دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە

| گروپ | تاقیکردنەوەی پێشەکی | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی شوێنکەوتوو |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | - دەستکەوتی خوێندن<br>-گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی. | ستراتیژێکی پێشنیازکراو پشت بەست بەتیۆری بونیادگەری | - دەسکەوتی خوێندن<br>- گەشـــەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوە |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

**٣-٣ : کۆمەڵگای توێژینەوەکە (Research community):**

کۆمەڵگای توێژینەوە پێکهاتوە لە گشت خوێنکارانی پۆلی یازدەهەمی ویژەیی لە خوێندنگە ئامادەیەکانی شاری سلێمانی ، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) وەک لە خشتەی لای خوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە :

خشتەی (٣-٢)

کۆی گشتی خوێنکارانی ڕەگەزی نێر و مێ لە پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە پەروەردەیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

| پەروەردە | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٢٩٩ | ٤٤٨ | ٧٤٧ |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | ٦٦٥ | ٨٦١ | ١٥٢٦ |
| کۆی گشتی | ٩٦٤ | ١٣٠٩ | ٢٢٧٣ |

**٣-٤ : نمونەی توێژینەوەکە (The research sample)**

نمونەی توێژینەوە پێناسە دەکرێت بە بەشێک لە کۆمەڵگای توێژینەوە کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت،واتا ئەو نمونەیە دەبێت بە نوێنەری ئەو کۆمەڵگایەی کە هەڵبژێردراوە (بۆکانی،١٠١:٢٠٢٠)

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی یازدەیەمی وێژەیی لە خوێندنگەی بەکرەجۆی کچان لەشاری سلێمانی، هەڵبژێردران بەشێوەیەکی مەبەستدار، ژمارەیان پێکهاتبوو لە (٣٥)خوێندکار بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) دابەشکرابوون بەسەر دوو پۆلی جیاوازدا، بەشێوەی هەڕەمەکی سادە پۆلی (أ) وەکو گروپی ئەزموونی و پۆلی (ب) وەکو گروپی کۆنترۆڵکراو دەستنیشان کران، هەر گروپێک پێکهاتبوو لە (١٣) خوێنکار، لە کۆی ئەو (٢٧) خوێنکارە تەنها (١) خوێنکاری بەهۆی گەورەیی تەمەن لە ئەژماری ئامارییی دوور خراوەتەوە، وەک لە خشتەی (٣-٣) پیشاندراوە.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی (٣-٣)

نمونەی توێژینەوکە ڕووندەکاتەوە

| گرووپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارە | دورخراوە | کۆتایی |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژی نوێی پێشنیازکراو | ١٣ | ١ | ١٣ |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | ١٣ | ٠ | ١٣ |
| کۆی گشتی | | ٢٦ | ١ | ٢٦ |

**٣-٥: هاوتایی گۆڕاوەکان ( Adjusts Variables)**

هاوتایی، واتا یەکسانکردنی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەتەواوی لەهەموو گۆڕاوەکاندا، جگە لەو گۆڕاوە سەربەخۆییەی کە کاریگەری لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.(العساف ,١٩٨٩ ,٣١٢)

بۆ هاوتایی لەنیوان خوێنکارانی گروپە ئەزمونیەکان و گروپی کۆنترۆڵکراودا لە هەندێک گۆڕاودا، کە ڕەنگە کاریگەری ئەرێنی یان ئەرێنی لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکە هەبێت، بۆیە توێژەر ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە هاوتاکرد:-

**٣-٥-١:تەمەن بەمانگ:**

کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی تەمەن پەیوەندیدارە بە گەشەی ئەقڵی خوێندکارەوە، بەهۆی پەیوەندی توانا ئەقڵییەکانی خوێندکاران و گۆڕاوی تەمەن، هەروەها پشتگوێخستنی جیاوازی تەمەنی خوێندکاران دەشێت کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەبێت ، بۆیە توێژەر هەستا بە وەرگرتنی تەمەنی خوێنکارانی پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە خوێندنگەی (بەکرەجۆی کچان) بە پێوەری مانگ بەپێی کارتی نیشتیمانی هەر لەڕۆژی لەدایک بوونیان هەتا یەکەم ڕۆژی ئەزموونەکە (٢٩/ ١ /٢٠٢٥) ، پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t-Test) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) ئەژمارکراوی بۆ هەریەک لە گرووپەکان دۆزرایەوە، ئەنجامەکان بەوشێوەیەبوون، کەلەخشتەی (٣-٤) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٣-٤)

ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی تەمەن لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) | | نرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ١٣ | ٢٠٨ | ١٠.٩٤٧ | ٠.٠٧٤ | ٢.٠٦٤ | ٢٤ | بەڵگەداری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) |
| کۆنترۆڵکراو | ١٣ | ٢٠٧.٦٩ | ١٠.٣٣٩ | | | | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە بەهای ئەژمارکراوی (t) یەکسان بە(٠.٠٧٤)و بچووکترە لە بەهای خشتەی(٢.٠٦٤)لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) بەنمرەی ئازادی (٢٤) واتە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بە دیناکرێت لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی تەمەنی خوێنکارانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراودا، ئەمەش بەو مانایەیە کەسەرجەم گروپەکان لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

**٣-٥-٢:دەسکەوتی ئەکادیمی ساڵی پێشو:**

دوای بەدەستهێنانی نمرەی خوێندکاران لە بابەتی مێژوو لە تۆماری کارگێری خوێندنگە بۆ خوێندکارانی پۆلی یازدەیەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)،توێژەر هەستا بە دەرهێنانی ناوەندژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) ی بۆ هەر دوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دۆزییەوە، وەک لە خشتەی (٣-٥) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٣-٥)

ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی دەستکەوتی پێشوو لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| ئاستی بەڵگەداری ئاماری | نرەی ئازاد | بەهای (t) | | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | ژمارە | کۆمەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خشتەیی | ئەژمارکراو | | | | |
| بەڵگەداری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) | ٢٤ | ٢.٠٦٤ | ٠.١١٤ | ٢٣.٤٢٦ | ٦١.٤٦ . | ١٣ | ئەزموونی |
| | | | | ١٦.٨١٠ | ٦٢.٦٢ | ١٣ | کۆنترۆڵکراو |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە بەهای ئەژمارکراوی(t) یەکسانە بە(٠.١١٤)بچوکترە لەبەهای خشتەی (٢.٠٦٤) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٤) واتا هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندژمێرەیی نمرەکانی خوێنکارانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو، ئەمەش بەو مانایە کە سەرجەم گروپەکان لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

**٣-٥-٣: ئاستی زیرەکی گشتی:**

بۆ دڵنیا بوون لە لەهاوسەنگی ئاستی زیرەکی خوێنکاران، لە هەردوو گروپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی زیرەکی بەناوی (iq_test[1]) تاقیکردنەوەیەکی وێنەیەی لەجۆری هەڵبژاردن لەچەند دانەیەک، کە لە (٣٩) برگە پێکهاتوە، بەتێکرای ماوەی (٣٩) خولەک وەڵام دەدرێتەوە، لەژێر سەرپەرشتی توێژەر تاقیکردنەوەکە لەسەر خوێندکارانی هەردوو گروپ جێبەجێکرا لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٢/٣) ، پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ( t-Test) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) دۆزرایەوە، وەک لە خشتەی (٣-٦) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٣-٦)

ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوی زیرەکی لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| ئاستی بەڵگەداری ئاماری | نرەی ئازاد | بەهای (t) | | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | ژمارە | کۆمەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خشتەیی | ئەژمارکراو | | | | |
| بەڵگەداری نییە لە ئاستی (0,05) | ٢٤ | ٢.٠٦٤ | ٠.٠٦٧ | ٦.٣٦٠ | ٩٤.٥٤ | ١٣ | ئەزموونی |
| | | | | ٥.٣٤٧ | ٩٤.٣٨ | ١٣ | کۆنترۆڵکراو |

1. www.mensa.1qtest.dk

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت،کە بەهای ئەژمارکراوی (t) یەکسانە (٠.٠٦٧) بچووکترە لە بەهای خشتەی (٢.٠٦٤) لەئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) بەنمرەی ئازادی (٢٤) واتا هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەدیناکرێت، لە نێوان ناوەندژمێرەیی نمرەکانی خوێنکارانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو، ئەمەش بەو مانایەیە، سەرجەم گروپەکان لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

**٣-٥-٤: ئەزموونی پێشوو(تاقیکردنەوەی پێشەکی) بیرکردنەوە نزیککراوەیی:**

بۆ دڵنیایی ئاستی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لای خوێنکارانی هەردوو گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراو، پێش دەستپێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوە نزیککراوەیی، کە پێش وەختە ئامادەی کردبوو بەسەر خوێندکارانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێکرد، لە یەک کاتدا و لە دوو هۆڵی هاوشێوە بەیارمەتی مامۆستایانی خوێندنگەکە، لەبەرواری (٣/٢/٢٠٢٥) دوای هەڵچنیکردنی وەڵامەکان و جیاکردنەوەی نمرەی گروپەکان و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (ت) دەرهێنا و لە ئەنجامەکانیش بەو شێوەیە بوون، کەلە خشتەی(٣-٧) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٣-٧)

ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی ئاستی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) ئەژمارکراو | بەهای (t) خشتەیی | نرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٣ | ١٤.٧٧ | ٣.٤٤٤ | ١.٧٧٨ | ٢.٠٦٤ | ٢٤ | بەڵگەداری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) |
| کۆنترۆڵکراو | ١٣ | ١٢ | ٤.٤٣٥ | | | | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٣-٧) دەردەکەوێت کە بەهای ئەژمارکراوی (t) یەکسانە بە (١.٧٧٨) بچوکترە لە بەهای خشتەی (٢.٠٦٤) لەئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) بەنمرەی ئازادی (٢٤)، بۆیە هیچ جیاوازیەک بە دیناکرێت لە نیوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی خوێنکارانی گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراودا، ئەمەش بەو مانایەیە کەسەرجەم گروپەکان لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

**٣-٦: ئامرازی توێژینەوەکە :**

بونیادنانی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت لە ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە ، ئەویش بەندە بە وردی بڕگەکانی ، هۆشیاری و پابەندبوونی توێژەر بە شێوە و مەرجەکانی ئامادەکردنی بڕگەکان و تایبەتمەندێکانیان ، وەکو چۆن تایبەتمەندییە سایکۆمەتریەکانی تاقیکردنەوەکە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە تایبەتمەندی بڕگەکانییەوە. ( عارف ،١٠٥:٢٠٢٣)

دوای پێداچوونەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوە و لێکۆڵینەوەکان لە بواری بیرکردنەوەی نزیککراوەیی ، توێژەر هیچ پێوەرێکی بەدی نەکرد کە تایبەتمەندبێت بە بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە بابەتی مێژووی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی ، بۆیە توێژەر دەستیکرد بە ڕاوێژکردن بە ژمارەیەک پسپۆر و شارەزا لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و مێژوو ، پاشان لە ژێر ڕۆشنایی ژمارەیەک توێژینەوەی نزیک لە بابەتەکە وەک (Ahmad:2023,Tkryt ) ، (Al-Azzawi:2023, Salahadin )،( البوارليز : ٢٠٠٤، عمان ) ،( متولي : ٢٠١٦، میصر) هتد ، هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ بیرکردنەوەی نزیککراوەیی کە نزیک بێت لە ئاست و توانای خوێنکارانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی بۆ ئەو بابەتانەی کە دیاریکراون بۆ توێژینەوەکە ، توێژەر بڕگەکانی توێژینەوەکەی بەسەر (٣٠) بڕگە و (٦) کارامەیی دابەشکردوە ، بۆ

کارامەیەکانیش پشتی بە هەر (٦) ئاستە سەرەکیەکەی بلوم بەستوە ، هەر بۆیە بڕگەکانی توێژینەوەکەش بە پێی ئاستی خوێنکاران بڕگەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن ، سەرجەم بڕگەکانی تاقیکردنەوەش لە شێوەی پرسیاری بابەتی لە جۆری هەڵبژاردن بە زمانێکی پاراو و ڕوون دیاریکراون .

**٣-٧: ڕاستی ئامرازەکە :**

ڕاستی تاقیکردنەوە بریتیە لە دەرکەوتنی شێوەی گشتی ئامرازەکە ، لە ڕووی جۆر و شێوازی داڕشتن و ڕادەی تایبەتمەندی و ڕێنمایەکانی ئامرازەکە و وردبینیەکەی ، هەروەها ڕادەی گونجاوی ئامرازەکە بۆ ئەو مەبەستەی بۆی ئامادەکراوە .( الكبيسي ،٢٠٠٧: ١٩٥)

بە مەبەستی ڕاستی دەرهێنانی تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزای بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن و مێژوو، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری و ڕێنمایەکانیان لەسەر گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوە بۆ خوێنکارانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی، پاش گەڕانەوەی تاقیکردنەوەکە بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپەر - J Cooper) و پشت بەستن بە ڕێژەی ڕازیبوونی (٩٢٪ ) و زیاتری حوکمدەران بۆ هەر بڕگەیەک، دوای ئەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی هەر بەندێکی تاقیکردنەوەکە دەرهێنرا و دەرکەوت هەموو بڕگەکان ئەو ڕێژەیە و زیاتریان بەدەستهێنا و پەسەندکران، بەم شێوەیە ڕاستی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی دەرهێنرا. وەک لە خشتەی (٣-٨) خراوەتەڕوو خشتەی (٣-٨)

ڕێژەی ڕازیبوونی پسپۆڕان لەسەر ژمارەی بڕگەکان

| ژ | ژمارەی بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | ژمارەی پسپۆڕی پەسەنکراو | ڕێژەی سەدی پەسەنکراو | ڕەتکردنەوە یان پەسەندنەکردنی بڕگەکان | کۆی بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١، ٤، ٥، ٨، ١٠، ١٢، ١٣ ، ٣٠ | ٧ | ١١ | ٨٤٪ | پەسەندە | 30 |
| ٢ | ٢، ٧، ١٥، ١٩، ٢٧ | ٦ | ١٣ | ١٠٠٪ | پەسەندە | |
| ٣ | ٣، ٦، ٩، ١٤، ١٦، ١٧، ١٨، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥ | ٢١ | ١٢ | ٩٢٪ | پەسەندە | |
| ٤ | ١١، ٢١، ٢٦، ٢٨، ٢٩ | ٥ | ١٢ | ٩٢٪ | پەسەندە | |
| تێکڕای گشتی | | | | ٩٢٪ | | |

**٣-٨: هاوکۆلکەی گرانی بڕگەکانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی :**

بۆ دۆزینەوەی هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوە نمرەکان ڕیزبەند کران لە نزمەوە بۆ بەرز باش دابەشکران بەسەر دوو بەشدا کە بۆ دوو نیوە بەش نمرەی گرووپە(بەرزەکان) و نیوەی گرووپە (نزمەکان)بۆ هەر نیوە بەشێک (٢٥)خوێنکاری لەخۆگرتبوو، توێژەر هاوکۆلکەی گرانی بۆ هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەکەی بۆ سەرجەم خوێنکارانی گرووپە ئەزموونی سەرەتایی ئەژمارکرد، بۆی دەرکەوت کە لە نێوان (٠.٣٨ - ٠.٧٠) بە تێکڕای (٠.٥٠) ، هاوکۆلکەی ئاسانی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (٠.٣٠ - ٠.٦٠) بە تێکڕای (٠.٥٠) هاوکۆلکەی

گرانی و ئاسانی پەسەندکراوە، ئەگەر هاتوو هاوکۆلکەی گرانی و ئاسانی لە نێوان (٠.٢٠ -٠.٨٠) دابێت ئاستی گرانی برگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسەندە ( المحاسنة و مهيدات،٢٠٠٩: ٢١١)، واتا هەموو برگەکانی تاقیکردنەوە پەسەندکران.

**٣- ٩: هێزی جیاکاری برگەکانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی :**

بۆ دۆزینەوەی هاوکۆلکەی هێزی جیاکاری بۆ هەر برگەیەک لە برگەکانی تاقیکردنەوەکە، توێژەر هێزی جیاکاری بۆ هەر برگەیەک لە برەکانی تاقیکردنەوەکە دانا، بۆی دەرکەوت هێزی جیاکاری برگەکانی هەڵبژاردن لە چەن دانەیەک دەکەوێتە نێوان (٠.٢٠ – ٠.٥٢) ، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکان ئەگەر بەهای هێزی جیاکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوە لە نێوان (٠.٢٠ -٠.٨٠) دابێت ئاستی گرانی برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە پەسەندە، بەڵام ئەگەر لە نێوان( ٠.٤٠ - بەرەوسەر ) بوو ئەوا بە برگەیەکی باش دادەنرێت، ( المحاسنة و مهيدات، ٢٠٠٩: ٢١١)، واتا هەموو برگەکانی تاقیکردنەوە بە پێی دڵنیای توێژەر پەسەندکران.

**٣-١٠ : جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی**

مەبەست لە جێگیری هەر پێوانەیەک ئەوەیە ئەگەر پێوانەیەک بەسەر کۆمەڵێک تاکدا جێبەجێکرا دواتر چاودێری نمرەکانی هەر تاکێک بکرێت، دواتر لە هەمان بارودۆخدا دووبارە بکرێتەوە بەسەر هەمان تاک و گروپدا، ئەگەر هەمان ئەنجام بوو ئەوا دەردەکەوێت پێوانەکە بە تەواوی جێگیرە. ( القصاص،٢٠٠٧: ٣٢٧)

هەروەها توێژەر بە مەبەستی دڵنیابوونەوەی لە جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە رێگای دووبارە تاقیکردنەوە (Test re test)ی ئەنجام دا،پاشان تاقیکردنەوەکە پراکتیزەکرا بەسەر نمونەی سەرەتایی کە لە (٥٠) خوێندکار پێکهاتبوون کە لە هەردوو خوێندنگای ( خاڵە جوتیار و ئارژین ) ئەنجامدران لە پاش (١٥) رۆژ لە هەمان بارودۆخی هاوشێوەدا تاقیکردنەوەکە دووبارەکرایەوە ، پاشان هاوکێشەی پەیوەندی پێرسۆن بەکارهێنرا بۆ دەرهێنانی جێگیری کە بەهاکەی (٠.٧٩٧) بووە، کە رێژەیەکی، باشە وەک (عوده،٢٧٩:٢٠٠٢) ئاماژەی پێکردوە . بڕوانە خشتەی (٣-٩ )

خشتەی (٣-٩ )

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای هاوکۆلکەی ( پێرسۆن ) بۆ تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی

| ئەنجامدان | ژمارەی خوێنکار | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | ٥٠ | ١٣.٧٢ | ٣.٦٨٧ | ٠.٧٩٧ |
| جاری دووەم | ٥٠ | ١٧.٦٢ | ٣.٥٣٩ | |

**٣-١١: جێبەجێکردنی ئەزمونەکە:** توێژینەوەکە ئەم شێوەیە جێبەجێکرا

١-دیاریکردنی بابەتی ئەزمونێکە لە بەشەکانی ( چوارم و پێنجەم ) لە کتێبی مێژووی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی دیاریکراوە .

٢- هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە و هاوتاکردنیان لە گۆڕاوەکانی ( تەمەن ، شارەزایی پێشوو ، زیرەکی ، دەسکەوتی ئەکادیمی پێشووی) ی خوێنکارانی نمونەی توێژینەوەکە پێش دەستپێکردنی ئەزمونێکە .

٣- دەستپێکردنی وانەوتنەوە بۆ خوێنکارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو لە (٢٩/١/٢٠٢٥) بۆ (٢/٤/٢٠٢٥) خایاند بەتێکڕا دوو وانە لەهەفتەیەکدا بۆ بۆ هەر گروپێک ، (٤٠)خولەک بۆ هەر وانەیەک، ئەمەش بەپێی ڕێنماییەکانی وتنەوەی بابەتی مێژووی پۆلی یازدەیەمی وێژەی لە خوێندنگەی (بەکرەجۆی کچان) دیارکرابوو بۆ جێبەجێکردنی ئەزمونی توێژینەوەکە لە وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

١-دووبارە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە دوای ئەزمونیەکە بەسەر هەردوو گروپی کۆنترۆڵکراو و گروپی ئەزمونی لە ڕۆژی چوار شەمە (٢/٤/٢٠٢٥ ) ئەنجامدرا.

٢- هەڵەچنی و ئەژماری ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی و شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ( t.Test) و ئەژمارکردنی قەبارەی کاریگەری و لێکدانەوەی ئەنجامەکان .

**٣-١١: هاوکێشە ئامارییە بەکارهاتوەکان**

٣-١١-١ : هاوکێشەی ئاماری تاقیکردنەوەی ( t-Test ) بە بەرنامەی (SPSS) ، بەکاردێت بۆ دەرخستنی هاوتایی و ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بیرکردنەوەیی نزیککراوەیی .( السلماني ،٢٠١٣: ٧٤)

٣-١١-٢ : هاوکێشەی ( Eta-Square) و ( Cohen's d ) بە مەبەستی زانینی قەبارەی کاریگەری جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێریاریەکانی نمرەی خوێنکاران . (کامل ،٢٠٢٢: ٨، ٢١).

٣-١١-٣ : ( Percentage Relative Frequency ) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی سەدی ڕێکەوتنی پسپۆڕان و شارەزایان لەسەر پێکهاتەی بەرنامەکە . ( الجادري ، ٢٠٠٧ : ٢٤٧)

٣-١١-٤ : هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی جێگیری تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی .( المنيزل و غرايبه، بس ٢٠٠٧، :١٢٨)

**بەشی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاڤە و لێکدانەوەیان :**

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە :**

لەم بەشەدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە پێی گریمانەکان و ڕاڤەو لێکدانەوە و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان دەخەینەڕوو ، بەم شێوەی خوارەوە :

**<u>ئەنجامی گریمانەی (١):</u>**


دەقەکەی بریتییە لە: جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠.٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی، کە وانەکان پشت بەست بە ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو دەخوێند.

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی گریمانەکە، توێژەر بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t-Test) بۆ دوو نمونەی پەیوەندیدار ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی دۆزییەوە، بەو شێوەیەی لە خشتەی (٤-١) دا خراوەتەڕوو: خشتەی (٤-١)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Paired Sample T-test) بۆ ناوەندی نمرەکانی بیرکردنەوەی نزیککراوە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێری تاقیکردنەوەکە | | ناوەندە ژمێری جیاوازی | لادانی پیوەری | بەهای (t-Test) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێشەکی | پاشەکی | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ١٣ | ١٥.٣١ | ٢١.٦٢ | ٦.٣٠٨ | ١.٦٥٣ | ١٣.٧٦٣ | ٢.١٧٩ | ١٢ | بەڵگەدارە |

بەپێی ئەنجامی زانیارییەکانی خشتەی (٤-١) دەردەکەوێت، بەهای (t) ئەژمارکراو یەکسانە بە (١٣.٧٦٣) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢.١٧٩) بە نمرەی ئازادی (١٢) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) ئەوەش بەواتای بوونی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوە لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی، کە وانەکانیان پشت بەست بە ستراتیژی نوێی پێشنیارکراو دەخوێند، لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، بەم شێوەیە گریمانە سفرییەکە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە، پەسەند دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ستراتیژەی پێشنیازکراوە بۆتە هۆی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوە لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکی، وەک لە شێوەی (٤-١) خراوەتەڕوو:




شێوەی (٤-١ ) بەراوردی بەهای (t) ئەژمارکراو و خشتەیی بۆ جیاوازی نمرەکانی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزموونی

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ کە بریتیە لە کاریگەری (ستراتیژیکی نوێی پێشنیازکراو)، لە سەر گۆڕاوی پاشکۆ، کە بریتیە لە (گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوە)، لە پاش پرۆسەی ئەزمونەکە بە بەراود لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزموونی، دوای ئەوەی داتاکان چارەسەرکران لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (**Cohen's d**)، بۆ دوو نمونەی پەیوەندیدار، بەو شێویە بوو کە لە خشتەی (٤-١٠) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٤-٢)

قەبارەی کاریگەری جیاوازی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوە بۆ خوێندکارانی گروپی ئەزموونی

| گروپ | تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیوەری | بەهای کاریگەری هاژمارکراو | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | پێشەکی | ١٥.٣١ | ٣.٩٨٧ | ١.٧٥٤ | بەرزە |
| | پاشەکی | ٢١.٦٢ | ٣.٤٠٤ | | |

لە خشتەی (٤-٢) دا دەردەکەوێت کە بەهای هاوکۆلکەی (**Cohen's d**) بریتیە لە (١.٧٥٤) زیاترە لە بەهای (٠.٨)، کە بەهای بەرزترین ئاستی کاریگەری قەبارەی ئیتای دووجایە ، وەک لە خشتەی (٤-٢) خراوەتەڕووو ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەورەیی قەبارەی کاریگەری، کە

بەڵگەیە بۆ بوونی کاریگەری گەورەی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ بە پلەیەکی بەرز لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەی پاشەکی.


**ئەنجامی گریمانەی (١):**

دەقەکەی بریتییە لە: جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لە ئاستی (٠.٠٥) نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لای خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە وانەکان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن. بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی گریمانەکە، توێژەر بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t-Test) بۆ دوو نمونەی پەیوەندیدار ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی گروپی ئەزموونی دۆزییەوە، بەو شێوەیەی لە خشتەی (٤-٣) دا خراوەتەڕوو:

خشتەی (٤-٣) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Paired Sample T-test) بۆ ناوەندی نمرەکانی بیرکردنەوەی نزیککراوە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێریی تاقیکردنەوەکە | | ناوەندە ژمێری جیاوازی | لادانی پێوەری | بەهای (t-Test) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێشەکی | پاشەکی | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| کۆنترۆڵکراو | ١٣ | ١٢.٠٠ | ١٥.٣١ | ٣.٣٠٨ | ١.٧٠٢ | ٧.٠٠٦ | ٢.١٧٩ | ١٢ | بەڵگەدارە |

بەپێی ئەنجامی زانیارییەکانی خشتەی (٤-٣) دەردەکەوێت، بەهای (t) ئەژمارکراو یەکسانە بە (٧.٠٠٦) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٢.١٧٩) بە نمرەی ئازادی (١٢) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) ئەوەش بەواتای بوونی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی خوێندکاران لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوە لای خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو، کە وانەکانیان پشت بەست بە ڕێگای ئاسایی دەخوێند، لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، بەم شێوەیە گریمانە سفرییەکە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە، پەسەند دەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گروپی کۆنترۆڵکراو سودیان بینیوە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بیرکردنەوەی نزیککراوە، وەک لە شێوەی (٤ -٢) خراوەتەڕوو.




شێوەی (٤-٢)

بەراوردی بەهای (t) ئەژمارکراو و خشتەیی بۆ جیاوازی نمرەکانی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ کە بریتیە لە کاریگەری (ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو)، لە سەر گۆڕاوی پاشکۆ، کە بریتیە لە (گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوە)، لە پاش پرۆسەی ئەزمونەکە بە بەراود لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی

گروپی کۆنترۆڵکراو، دوای ئەوەی داتاکان چارەســـەرکران لە ڕێگای بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (**Cohen's d**)، بۆ دوو نمونەی پەیوەندیدار، بەو شێوەیە بوو کە لە خشتەی (٤-٤) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٤-٤)

قەبارەی کاریگەری جیاوازی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوە بۆ خوێندکارانی گروپی ئکۆنترۆڵکراو

| گروپ | تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای کاریگەری هاژمارکراو | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆنترۆڵکراو | پێشەکی | ١٢.٠٠ | ٤.٤٣٥ | ٠.٨٦٠ | بەرزە |
| | پاشەکی | ١٥.٣١ | ٣.٤٤٩ | | |

لە خشـــتەی (٤-٤) دا دەردەکەوێت کە بەهای هاوکۆلکەی (**Cohen's d**) بریتیە لە (٠.٨٦٠) زیاترە لە بەهای (٠.٨)، کە بەهای بەرزترین ئاستی کاریگەری قەبارەی ئیتای دووجایە ، وەک لە خشتەی (٤-٣) خراوەتەڕووو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەورەیی قەبارەی کاریگەرییەکە.

<u>**ئەنجامی گریمانەی (٣):**</u>دەقەکەی بریتییە لە: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی جیاوازی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە نێوان گروپی ئەزموونی، کە وانەکانیان پشت بەست بە ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو دەخوێند، گروپی کۆنترۆڵکراو کە وانەکانیان بەڕێگای ئاسایی دەخوێند.

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە، توێژەر تاقیکردنەوەی (t-Test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆی بەکارهێنا، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهـای (t)ی ئەژمـارکرا بۆ جیـاوازی نمرەکـان، ئەنجـامەکـان بەو شـــێوەیە بوون، کە لە خشـــتەی (٤-٥) خراوەتە ڕوو.


خشتەی (٤-٥)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Independent Sample T-test) بۆ بەراوردی نێوان ناوەندی جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بیرکردنەوەی نزیککراوە لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| گروپ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (**t-Test**) | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ١٣ | ٦.٣١ | ١.٦٥٣ | ٤.٥٥٩ | ٢.٠٦٤ | ٢٤ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٣ | ٣.٣١ | ١.٧٠٢ | | | | |

بە پێی ئەنجامی زانیارییەکانی خشـــتەی (٤-٥) دەردەکەوێت ، ناوەندە ژمێرەیی جیاوازی نمرەی گروپی ئەزموونی بریتییە لە (٦.٣١)، ناوەندە ژمێرەیی جیاوازی گروپی کۆنترۆڵکراو بریتییە لە (٣.٣١)، بەهای (t) ئەژمـارکراو یەکســـانە بە (٤.٥٥٩) گەورەترە لە بەهای خشـــتەیی (٢.٠٦٤) لە ئاســـتی بەڵگەداری (٠.٠٥) ئەمەش ئەوە دەردەخات جیاوازی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان جیاوازی نمرەی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوە لای خوێندکارانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی،

بەوەش گریمانەی ســـفری ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەســـەند دەکرێت، ئەمەش بەواتای ئەوەدێت، کە ســـتراتیژە پێشـــنیازکراوەکە کاریگەری هەبووە لەسەر گەشە پێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی، وەک لە شێوەی (٤-٣) دا پیشاندراوە.




شێوەی (٤-٣)

بەراوردی بەهای (ت) ئەژمارکراو خشتەیی بۆ جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لە سەر گۆڕاوی پاشکۆ، کە بریتییە لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوە لە بابەتی مێژووی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە نێوان خوێندکارانی هەردوو گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو، توێژەر بە بەکارهێنانی هوکێشەی (ئیتا دووجا، **Eta Square**) قەبارەی کاریگەرییەکەی دۆزییەوە، وەک لە خشتەی (٤-٦) پیشاندراوە.

خشتەی (٤-٦)

قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە بۆ کارامەیی بیرکردنەوەی نزیککراوە لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| بۆ دەرخستنی قەبارە | ناوەندە ژمێرەیی | بەهای تائی | بەهای (Eta-Square) ($n^2$) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|
| بیرکردنەوەی نزیککراوە | ٦.٣١ | ٤.٥٥٩ | ٠.٤٦٤ | بەرزە |
| | ٣.٣١ | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٤-٦) دا دەردەکەوێت بەهای کاریگەری هەژمارکراو یەکسانە بە (٠.٤٦٤) گەورەترە لە بەهای پێوەری (٠.١٤) بە پێی ڕاڤەی (Eta Squared $n^2$) وەک لە خشتەی (٤-٦) دەردەکەوێتو کە تایبەتە بە قەبارەی کاریگەری بەڵگەیە بۆ بوونی کاریگەری گەورەی گۆڕاوی سەربەخۆکە (کاریگەری ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراوە لەسەر دەسکەوتی خوێندن)، لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (بیرکردنەوەی نزیککراوەیی و خوێنکارانی یازدەهەمی وێژەیی) بە پلەیەکی بەرز لە کاریگەری، لە بەرژەوەندی گروپە ئەزموونیەکە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت خوێنکارانی گروپی ئەزمونی، پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە، لە ڕووی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی، پشت بەست بە بەکارهێنانی ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو لە وانەی مێژوو بۆ پۆلی یازدەهەمی وێژەیی لە پاش ئەزمونکردنی توێژینەوەکە، بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانیان لە پێش ئەزمونکردنەکە.

١-٥ : دەرئەنجامەکان

- بەکارهێنانی ستراتیژی نوێی پێشنیازکراو لە وانەوتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆ خوێنکارانی قۆناغی ئامادەیی بە ڕێگای بیرکردنەوەی نزیککراوەیی کاریگەری کارا و بەرچاوی هەیە بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی

- بەکارهێنانی ڕێگای بیرکردنەوەی نزیککراوەیی پشت بەست بە ستراتیژی نوێی پێشنیازکراو وا لە خوێنکار دەکات زیاتر کارا بن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە و بەژداری و چالاکی زۆر ئەنجامبدەن .
- چێژبینینی خوێنکارانی گروپی ئەزمونی لەو چالاکیانەی کە بە هۆی بەکارهێنانی ستراتیژی پێشنیازکراو و بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە وانەی مێژوو ئەنجامیان دەدا .

**٥-٢: ڕاسپاردەکان**

- ڕاسپاردنی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی تایبەت بە بواری مێژوو بۆ بەکارهێنانی ستراتیژێکی نوێی پێشنیازکراو پشت بەست بە ڕێگای بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە وانەی مێژوو.
- ئاشناکردنی مامۆستایان بە ڕێگا و هەنگاوەکانی چۆنیەتی بەکارهێنانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی پشت بەست بە ستراتیژی پێشنیازکراو لە لایەن دامەزراوە پەروەردەیەکانەوە لە ڕێگای خول و وۆرکشۆپەکانی تایبەت بە گەشەپێدانی تواناکانی پیشەییان .
- زیاتر پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی پشت بەست بە ستراتیژی پێشنیازکراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و گشتاندنی لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، بە مەبەستی بنیادنانی ئەم جۆرە ڕێگا و ستراتیژیە نوێیانە تاوەکو بتوانرێت زیاتر گەشە بە تواناکانی بیرکردنەوەی خوێنکار بدرێت .
- لەبەر ڕۆشنایی زیرەکی دەستکرد لە کەرتی پەروەردەدا ؛ دەتوانرێت پەرە بە بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لە بابەتی مێژوو بدرێت .

**٥-٣: پێشنیارەکان :**

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیازکراو لە سەر دەسکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو / کۆمەڵایەتیەکان بە بەکارهێنانی ڕێگای بیرکردنەوەیی نزیککراوەیی لای خوێنکارانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی
- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری ستراتیژێکی پێشنیازکراو لە سەر دەسکەوتی خوێندن لە بابەتی جوگرافیا / کۆمەڵایەتیەکان بە بەکارهێنانی ڕێگای بیرکردنەوەیی نزیککراوەیی لای خوێنکارانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی
- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری ستراتیژێکی پێشنیازکراو لە سەر دەسکەوتی خوێندن لە بابەتی مێژوو / کۆمەڵایەتیەکان بە بەکارهێنانی ڕێگای بیرکردنەوەیی نزیککراوەیی و داهێنەرانە لای خوێنکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم : بە زمانی کوردی :**


- بۆکانی ، سابیر ، (٢٠٢٠) میتۆدی تەژێینەوەی زانستی ، چوارچرا، چاپی دووەم ، سلێمانی .
- کار، ئەدوارد هالیت ، (٢٠٠٥) مێژوو چیە ، لە ئینگلیزیەوە /ئاسۆس محمد، هەولێر .

**تێزی دکتۆرا**

- أحمد ، شێرزاد علی ، (٢٠٢٢) کاریگەری ستراتیژیی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لەسەر دەسکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوور مەودا لە بابەتی مێژوو لای خوێنکارانی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان ، ( تێزی دکتۆرا ) ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەتی ، زانکۆی سلێمانی .

- عارف ، كارزان محمد ، (٢٠٢٣) ، کارایی پرۆگرامێکی فێرکاریی پشت بەست بە ستراتیجیەکانی فێرکردنی جیاکاری لەسەر دەسکەوت و گەشەپێدانی کارایی بیرکردنەوەی جوگرافی لای خوێنکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی (تێزی دکتۆرا ) ، پەروەردەیی بنەڕەت ، بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی .
- قاضی ، ئەژی حمە ، (٢٠٢٣) کاریگەری ستراتیژی شەش ڕەهەندی SOWM لەسەر دەسکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی مێژووی لای خوێنکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.(تێزی دکتۆرا ) ، کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەتی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

**کتێب**

- ابو جادو، صالح ، (٢٠٠٠) تطبيقات عملية في تنمية التفكير إبداعي باستيخدام نظرية الحل الإبتكاري للمشكيلات ، دار مشروق ، عمان ، الإردن .
- جامل، عبدالرحم عبدالسلام ، (٢٠٠٠) أساسيات المناهج التعليمية و اساليب تطويرها ، ط/1 ، دار المناهج للنشر و التوزيع ، الأردن .
- الجادري ، عدنان حسين ، (٢٠٠٧) الاحصاء الوصفي في العلوم التربوية ، ط/2، دار المسيرة للنشر ، عمان.
- الحمداني، موفق و اخرون (٢٠٠٦) مناهج البحث العلمي، ط 1، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.عيسى،(2022)، ميسر
- شحاتة حسن و أخرون النجار، (٢٠٠٣) معجم المصطلحات التربوية والنفسية ، دار الميصرية اللبنانية ، للنشر والتوزيع ، القاهرة ،مصر.
- عبيدات ، ذوقات و آخرون،(١٩٨٢) البحث العلمي ، مفهومة ، أدواته ، أساليب ، دار مجدلاوي، للنشر والتوزيع ، عمان ،الأردن .
- العساف ، صالح بن حمد ، (١٩٨٩) المدخل إلى البحث في العلوم السلوكية ، شركة العبيكان للطباعة والنشر ، الرياض .
- عودة ، أحمد سلمان ، (٢٠٠٢) القياس والتقويم في العملية التدريسية ، ط/1 ، دار الأمل ، أربد.
- القصاص، مهدى محمد (٢٠٠٧) مباده الاحصاء و القياس الاجتماعي ، ط/1 ، دار المعرفية الجامیعة ، الأسكندرية .
- الكبيسي ، عبدالواحد ، (٢٠٠٧) القياس و التقويم ، دارالجرير للنشر ، ط/1 ، عمان .
- المنيزيل، د.عبدلله فالح و د.عايش موسى غرايبة (د.س) ، (٢٠١٩) الحصاء التربوي تطبيقات بإستخدام الرزم الاحصائية للعلوم الاجتيماعية ، دارالمسيرة للنشر والتوزيع .
- المعايطة ، عبدالعزيز ، (٢٠٠٧) مشكلات تربوية معاصرة ، ط/1 ، دار الثقافة للنشر و التوزيع ، عمان الأردن.
- المحاسنة ، أبراهيم محمد و مهيدات، عبدالحكيم علي ، (٢٠٠٩) التقويم الواقعي ، دار جرير للنشر و التوزيع ، عمان ، الأردن .
- مصطفى ، فهيم ، (٢٠٠٢) مهارات التفكير في مراحل التعليم العام ، دار الفكر العربي ، قاهرة.
- محمودي ، محمد سرحان علي ، (٢٠١٩) مناهج البحث العلمي ، ط/2 ، دار الكتب ، الجمهورية اليمنية .

**تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر**

- البوارليز ، محمد عبدالسلام ، (٢٠٠٤) أثر برنامج تدريبي مقترح في تنمية مهارات التفكير التقاربي لدى الأطفال المعاقين عقليا القابلين للتعلم ، كلية التربية الاساسية ، ماجستير ، عمان
- السلماني ، سجى صالح محمد ، (٢٠١٣) فاعلية استراتيجية البيت الدائيري في تحصيل طالبات الصف الخامس الأدبي في مادة التاريخ ، رسالة ماجستير ( غير منشورة ) ، جاميعة الديالي – كلية التربية للعلوم الأنسانية .

- العامري ، ماهر محمد عواد (٢٠١٧) التفكير التقاربي و التفكير التباعدي ، كلية التربية البدنية و علوم الرياضة ، الجمعة المستنسرية ، عيراق.
- متولى، د.سامح سعيد ، (٢٠١٦) نمذجة العلاقات السببية البعدية بين التفكير التباعدي والتفكير التقاربي والإنجاز الإبداعي ،قسم علم النفس التربوي ، كلية التربية ، جاميعة دمنهور .
- القيسي، خولة عبد الوهاب ، (٢٠١٨) التفكير التقاربي و علاقته ببعض المتغيرات لدى الأطفال الرياض ، قسم رياض الأطفال ، كلية التربية للبنات ، جاميعة بغداد ، مجلة الباحث في العلوم الإن سانية و الإجتماعية .

**گۆڤارەکان**

- بليل ، سعد طعمة ، (٢٠٢١) أثر استراتيجية رافت في تنمية التفكير الاستدلالي لدى طلبة كلية التربية الاساسية أقسام الإجتماعات ( التارخ – الجغرافيا ) في مادة منهج البحث التربوي ، مجلة القادسية في الأداب والعلموم التربية ، العدد (٣) ، الجزء (٢) .
- كامل د.م .أحمد عبد البديع عبدالله ، (٢٠٢٢) حجم التأثير والفاعيلة في البحوث التجريبية ، المجلة الدولية لبحوث الاعالام والاتصالات ، دورية علمية محكمة ، المجلد (٢) ، العدد(٣) ، مارس (٢٠٢٢).
- هذال، تغريد خضير، (٢٠٢٣) أثر إنموذج اديسون في تفكير تقاربي والتباعدي لدى طالبات الصف الخامس العلمي ، كلية التربية الاساسية، ماجستير ، جاميعة المستنصرية ، مجلة الفتح للبحوث التربوية والنفسية المجلد السابع و العشرون.

- **تویژینەورکان بە زمانی ئینگلیزی**
- Arther, Cropley, (2006) Convergent Thinking, Cretivity Research , Journal in Praise
- . Hollett , Emaily, Cassalia,(2023) Convergent thinking , Paris.
- Lundsteen, Sara, (2012) Critical thinking in problem solving: A Perspective for the language Arts teacher
- Al-Azzawi , Dr. Ahmad fares,( 2023), The effect of the Inositol model on the development of convergent thinking among second grade students in Arabic grammar, Master, The Ministry of Education, Saladin Education, Balad یEducation Departm , Journal of Tikrit University for Humanities.
- Ishik, O, and Guchum, B, (2013), The Effect of Project Based Learning Approach on Elementary Schoole Studenes Motivation Toward Science, And Technology Course. H. U. Journal of Education
- Chamorro-Premuzic, Tomas (2008). "Effects of Personality and Threat of Evaluation on Divergent and Convergent Thinking". Journal of Research in Personality
- سەرچاوەی سایت
- www.mensa.1qtest.dk

**فعالية ستراتيجية جديدة مقترحة على تنمية التفكير التقريبي لدى طلاب الصف الحادي عشر الإدبي (جزء من رسالة الماجستير)**


**المستخلص**

تهدف هذه الدرسة إلى معريفه( فعالية استراجية مفريحة في تنمية التفكير تقاربي لدي طلبة المرحلة وحدا عشرة – الفرح الإدبي مقارنة بالطرق المعتادة في تدريس مادة التاريخ بحسب الفرضيات التالية :

١- لاتوجد فروقات ذات دلالة احصائية عند مستوى ( ٠.٠٥ ) بين متوسطي درجات طلبة المجموعة التجريبية في الاختيار القبلي والبعدي في مهارات تفكير تقاربي .

٢- لاتوجد فروقات ذات دلالة احصائية عند مستوى ( ٠.٠٥ ) بين متوسطي درجات طلاب المجموعة الضابطة في الاختيار القبلي والبعدي في مهارات تفكير تقاربي .

٣- لاتوجد فروق ذات دلالة إحصائية معتبرة عند مستوى (٠.٠٥ ) بين درجات الأختبار الأولي والبعدي لطلبة المجمعة الذين يدريسون باستراتيجية متريحة و طلاب المجموعة الضابطة الذين يدريسون ، بالطريقة العادية في اختبار مهار التفكير التقاربي .

اعتمد الباحث المنهج التجريبي الدرسة بحسب طبيعة الموضوع وأهدافه ، لذلك لجآ إلى التصميم التجريبي الذي يشتميل على تقسيم العينات إلى مجموعات تجريبية وضابطة مع اختبارات أولية وبعدية.

وكان مجتمع البحث مؤلفآ من طلاب الصف واحد عشرة الإدبي في ثانويات السلمانية التابعة لمديرية التربية الغربية للعام الدرسي (٢٠٢٤-٢٠٢٥) .

تكونت عينة الدرسة من مجموعة من طلاب الصف احدا عشر من الثانوية ( بكرجو بنات ) تم اختيارهم عن قصد وعددهم (٢٦) طالبآ ، موزعين على أثنين صفوف ، بعد مطابقنهم في المتغيرات ( العمر ، الخبرة سابقة ، الذكاء ، والإنجاز السابق مادة التاريخ ، ثم تم تصنيفهم إلى مجموعتين عشوائيا : مجموعة التجريبية دروست الدروس بطريقة تفكير تقاربي ، ومجموعة الضابة دروست الدروس بالطريقة العادية، وقد أعد الباحث مقياسا لمهارات التفكير التقاربي من (٣٠) فقرة منها نوع متعدد الخيارات ، تم عرضه على لجنة من المحكمين لإيجاد الصدق الضاهري ، قبلغ نسبة إتفاق (٩٢٪) ، وكما تم إيجاد صدق الإتساق داخلي لكل البنود ، وكذلك تم استخراج ثبات مقياس بطريقة إعادة الإختبار بعد تطبيقة على عينة مؤلفة من (٥٠) طالبا ، فلم تقل نسبة الثبات عن (٠.٨٤) . أحصائيآ ، تم استخدام الوسائل التالية : الإخبار التائي ( t-Test) ومعامل إرتباط بيرسون . وتو صل الباحث إلى وجود فروق ذي دلالة إحصائية بين المجموعة التجريبية مقارنة بالمجموعة الضابطة في تنمية التفكير التقاربي وفق الإستراتيجية مفتريحة لصالح المجموعة التجريبية .


**الكلمات المفتاحية: فعالية لاستراتيجيات الجديدة المقترحة، التفكير التقريبي، التاريخ، طلاب الأدب في الصف الحادي عشر.**

sjh@univsul.edu.iq

# The effect of a proposed new strategy on developing approximate thinking among eleventh-grade literature students

**(Part of Master's Thesis)**

**Abstract**

The aim of this research is to examine the effectiveness of a proposed new strategy in developing critical thinking based on near transfer among 11th-grade humanities students, compared to the traditional method of instruction in the same subject, based on the following hypotheses:

1. There is no statistically significant difference at the level of (0.05) between the mean scores of the pre-test and post-test in the development of critical thinking based on near transfer among the experimental group students who were taught using the proposed new strategy.
2. There is no statistically significant difference at the level of (0.05) between the mean scores of the pre-test and post-test in the development of critical thinking based on near transfer among the control group students who were taught using the traditional method.
3. There is no statistically significant difference at the level of (0.05) between the mean differences of both pre- and post-tests in the development of critical thinking based on near transfer between the experimental group (taught using the proposed new strategy) and the control group (taught using the traditional method).

The researcher adopted an experimental method appropriate to the nature of the topic, objectives, and implementation steps of the research. The experimental design consisted of an experimental and a control group, each undergoing both pre-testing and post-testing — a design which helps in controlling the research variables.

The research sample consisted of 11th-grade humanities students in public high schools in Sulaymaniyah city, under the administration of the west Education Directorate for the academic year (2024–2025). The research sample was intentionally selected from the 11th-grade humanities students of "Baker Jo Girls' Preparatory School," totalling 26 students. They were equally divided into two groups after being matched on variables such as age, prior academic achievement, intelligence, and previous performance in history. Then, randomly, two groups were formed: one experimental group taught using the near transfer-based strategy, and one control group taught through the traditional method. The researcher developed a critical thinking near transfer scale consisting of 30 multiple-choice items. The scale was later validated by experts

with a reliability score of 92%. The researcher also conducted a re-testing procedure on a separate group of 50 students at two different times, obtaining a stability coefficient of 0.84. The statistical tools used in the study were the t-test and Pearson correlation coefficient. The researcher concluded that there was a statistically significant difference between the experimental and control groups in favour of the experimental group in terms of the development of critical thinking based on near transfer.

Keywords: Effectiveness, Proposed New Strategy, Near Transfer Thinking, History, 11th-Grade Humanities Students